# هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ ئەنجامدار نەبوون؟

بە مەبەستی توێژینەوە لە حکومەتو شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر، وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان لە هەولێر، ڕۆژانی 11-2006/4/14 ڤستیڤاڵێکی لە هۆڵی وتێل خانزاد سازدا. وتەکەی من، کورتو پوخت، بریتیبوو لەو پرسیارەی سەرەوە کە وەڵامەکەیم لە سێ تەوەرەدا دایەوە:

یەکەم: ئنگلیز نەیئەویست کورد قەوارەیەکی سیاسی هەبێ لە سەردەمەدا. ئەو نیمچە قەوارانەش کە خۆیان ئەنواند لە حکومدارییەکەی (1918/11/1) و مەلیکێتیەکەی (1922/11/3 )یدا، لە گەمەیەکی سیاسیو بەکارهێنانی شێخ وەك کارتێکی گوشار بۆ سەر تورکو عەرەب بەولاوە، چیتر نەبوو.

پەیمانی سیڤەریش( کە لە راستیدا، نەبوو بە پەیمان، چونکە بەپێی هەندێ سەرچاو، واژۆ نەکرابوو) ئەویش هەر گەمەیەکی سیاسیو کارتێکی گوشاربوو بۆ سەر تورکیا، تا ناچاری بکا دەسبەرداری ولایەتی موسڵ ببێو ملبدات بۆ پەیمانی دیاریکردنی سنووری تورکیاو ئێراق.

کێشەکە لەلای شێخ مەحمود لەوەدابوو کە نەیئەزانی هەموو ئەو گەمە سیاسیانە، بۆ ئەوەبوو ئینگلیز دەس بەسەر نەوتی ولایەتی موسڵدا بگرێ کەلە ساڵی 1912 ەوە نەخشەی بۆ کێشابوو و کۆمپانیای نەوتی تورکی T.P.C بەریتانی- هۆڵەندی- ئەڵمانی بۆ دروستکردبوو.*

بەو جۆرە ئەوەی پێی دەوترێ زێڕی ڕەش، بوو بە قوڕی ڕەش بۆ کورد.

دووەم: نزمی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی لەلای کورد لەو سەردەمەدا کە بوە هۆی ئەوەی شێخ مەحمود تەنیا باڵبێ لەشۆڕشەکانیدا (جگە لە هەندێ نیمچە لایەنگیری لە ژمارەیەکی کەمی هۆزە کوردییەکانەوە) کە نەبوونە هۆی یەکدەنگیو گشتگیریی شۆڕشەکان.

سێیەم: چەمکی شۆڕش لەلای کورد کە هەمیشە، لەدوای تێکچوونی دەوڵەتی مادەوە، ناتەواو بووە. یا بەدەربرینێکیتر: شۆڕشەکان، سەقەت بوون! . چونکە هەموویان، شۆڕشی سەرنەکەوتووبوون، کەچی هەر دووبارەکردنەوەی یەکتربوون بەهەمان شێواز. ڕووی هەڵەو ناتەواویو سەقەتییەکەش، لەوەدایە کە ئەو شۆڕشانە لەسنووری کوردستان تێپەڕیاننەکردوە، بگرە بەزۆری، لەشارەکانی کوردستانیش کشاونەتەوە بۆ شاخەکانیو لەوێ شۆڕشگێرەکان تەنیا بەرگرییان لەخۆیان کردووە ! گەلێ جاریش بوونەتە هۆی ئەوەی، دانیشتوانی شارەکان، ببن بەژێر دەستوپێی دوژمنانەوە.

راست وا ئەبوو، پرژی شۆڕشەکان، پایتەختەکانی دوژمنانی هەڵتەکاندایەو نەیهێشتایە ئەو دوژمنانە لە ماڵەکانی خۆشیاندا ئارامبوونایە. بەوە پشتی دوژمن دەشکێ، نەك تەنیا بە شەڕی ناو شاخەکانی کوردستان. ئەوش یەك لەسەر سەدی قوربانییەکانی ناو شاخو شارەکانی کوردستانی ناوێت.

## "ئەنجام"

1- ئێستاش، هەندێ لە هێماکان، ئەوە دەگەیەنن کە هاوپەیمانان، هەر ئێراقی یەکگرتوو ئامانجیانبێ! بەرامبەر ئەگەرێکی وا، ئەرکی کورد ئەوەیە کەنەك هەر نەبێتە هەوێنێکی ئەو یەکگرتوویە، بەڵکو هۆکاری یەکنەگرتنیشیبێ.

2- بنەمایەکی یاسایی گشتی دەڵێ: (اڈا زال المانع، عاد الممنوع) ڕێگرەکەش بۆ دروستنەبوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆ کورد، تا ئێستا نەوتەکەی کەرکوك بووە کە ڕۆژئاوا مسۆگەرکردنی ئەو نەوتە بۆ خۆی، لە ئێراقێکی یەکگرتوودا دەبینێ. بەرامبەر بەوە، ئەرکی کورد ئەوەیە کە نەیەڵێ ئەو نەوتە بەئاسانی بچێتبەگەرووی ڕۆژئاوادا. ئەویش بەوەی کورد خۆی دەسبگرێ بەسەر کەرکوکدا. کە ئەوەش ڕەواو ئاساییە چونکە شارێکی کوردستانیە. ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا، ئەوسا ببێتە ڕێگری ڕۆشتنی ئەو نەوتە بە هەر هۆکارێك.

---

***زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە، لە کتێبی کوردایەتیو سەربەخۆییی- کامیل ژیر- 2002 وتاری (حکومەتەکەی شێخ مەحمود بۆ سەرکەوتوو نەبوو؟) پیشاندراوە.**

3- کورد پێویستی بەهێزی چەکدارە. لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا ئەبێ بەشی شێری داهاتەکانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکرێ و قەدەغەی بەفیڕۆدانو گەندەڵی بکرێت.

4- کورد ستراتیجی خۆی ئاشکرا بکات کە سەربەخۆیی کوردستانە. هەر دەستکەوتێکی لەوە کەمتر، تەرخان بکات بۆ ئەو مەبەستە.

دوای تەواو بوونی وتەکە، وتووێژ ەمجۆرە دەستیپێکرد:

د.هۆگر مەحمود: شۆڕشەکان هەموویان سەقەت نەبوون.

وەڵام: بە لای منەوە، هەموویان وەکیەك سەقەتو ناتەواوبوون. چونکە هەموویان دۆڕاوو دووبارەکردنەوەی یەکبوون. هیچ کات دوژمن بە شۆڕشی شاخەکان ناڕووخێو دەست لە کوردستان هەڵناگرێ. کام لەو شۆڕشانە،چەند کردەوەیەکی سەربازی لە پایتەختی دوژمناندا ئەنجامدا؟

د.ناصیح عەبدولغەغور: قسەکان ئاوەژوون، پەیمانی سیڤەر ئیمزاکرابوو، شۆڕشەکان هیچ خراپ نەبووە. ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ، بەرهەمی ئەو شۆڕشانەیە. واقیعی ئەمڕۆ جیایە لەگەڵ خەیاڵدا.

وەڵام: پەیمانی سیڤەر واژو نەکرا. من بەڵگەم هەیە. ئەوە میستەر ئەنتونی کلیەر دانیشتووەو ئەڵێ هەموو بەڵگەنامەکانی زەمانی کۆمەڵی نەتەوەکانم سەیرکردوە لە جنیڤو پەیمانی سیڤەر بەبێ ئیمزایە. بەڵگەی دوەمم ئەویە کە کورد خۆی نوێنەرێکی نەبووە لەو پەیمانەدا. کەی کورد ئەوەندە بەختەوەربووە بەبێ نوێنەرێکی خۆی، پەیمانێکی وای بۆ واژو بکرێ!؟

ئەگەر تۆ بەڵگەت هەیە، فەرموو. من نەموتووە شۆڕشەکان خراپبوون. من خۆم هۆنراوەم بۆ شۆڕشەکان وتوە. من ئەڵێم: ناتەواوبوون، سەقەت بوون.

د.ناصیح: یانی شەل بوون!؟

وەڵام: شەل بوون، گۆج بوون، هەرچی ناو دەنێیت.. ئنجا من ناڵێم شۆڕشەکان هیچ کاریگەرێتییەکیان نەبووە. لەبارەی خەیاڵو واقیعیشەوە؟ من ئەڵێم: فیدراڵی خەیاڵە نەك سەربەخۆیی. فیدراڵی لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ موقتەداو جەعفەری و سوننەی تیرۆرست؟ ئنجا ئەوەی ئێستا پێی دەوترێ فبدراڵی، ئەوە فبدراڵی نیە، چونکە دەستورەکە ئەنجومەنی هەرێمەکانی بەجێهێشتوە بۆ یاسایەك کەپەرلەمان دەریکات! لەکاتێکدا ئەنجومەنی هەرێمەکان ئەبێ باڵادەستی بەسەر پەرلەماندا هەبێ نەك بەپێچەوانەوە.

د.کەیوان: حکومەتەکەی شێخ مەحمود، ئەزموونە بۆ ئەمڕۆ.

وەڵام: پێویستە ئەزموونبێ، بۆ ئەوەی هەڵەکان دووبارە نەبنەوە.

د.حەسەن جاف: شۆڕشی نەهری، هەموانی کۆکردەوەو شۆڕشی هێنایە ناو شارەکانی کودستانەوە.

وەڵام: بەڵام دەستی نەگەیشتە پایتەختی داگیرکەر!

لەدەرەوەی هۆڵەکەش، وتووێژ درێژەی هەبوو، وەڵامەکانیش بەمجۆرە بوون:

ئێوە بزانن کەسێکی وەك بن لادن، چۆن دەستی گەیشتە ژێر ئەرز!؟ تۆ وازبێنە لەمەبەستەکەی بن لادن، چاکە یا خراپە، من وەك نموونەیەك ئەیڵێم. ئەی کورد بۆ دەستی نەگەیشتە پایتەختی ئەو داگیرکەرانەی شەڕی قەڵاچۆکردنیان لەگەڵ دەکردین؟ ئاخر کەسێکی وەك زەعیم سدیق چیی پێنەکردین ؟ کەچی کە خانەنشینبوو، لە بەغدا بە جووتێ نەعلو دیزداشەیەکەوە لە چاخانەکاندا، تاوڵەی ئەکرد! بێئەوی شۆڕش هیچی لێبکات. ئەی نەئەتوانرا ئەوەی لەگەڵ عوسمان فایەق کرا، کە کوردێك بوو، لەگەڵ ئەوو وێنەکانیوەك ئەو بکرایە؟

جگە لەوانە، شۆڕشەکان، بەپێی نەخشەو پیلانی زانستیانەی پێشەکی نەبوون. هەر یەکەو شۆڕشی ناوچەیەك بوو. ناوچەکانی تر، ەگەر جاش نەبووبن، سەیرکەربوون!! یا بە واتایەکیتر: وەك مەڕی دابەستە، چاوەڕوانبوون تا چەقۆی قەسابیان دەگاتێ!!!.

2006/4/13